# بۆ تەنها هەولێر و کێ بەرپرسیارە ؟!.

جمال غريب حمه

هەولێر هەولێر هەولێر ، تیرۆر تیرۆر تیرۆر ، ئاخر ئەم ماستە نەك مویەك بەڵکو گوریسێکی تێدایە خۆزگە وەڵامی ئەو پرسیارە بەڕاستی دەدرایەوە لەهەرێمی کوردستاندا بۆ تەنها هەولێر ؟.. وەڵامی ئەم پرسیارەش لە ئەستۆی بەرپرسانی ئیداری و ئەمنی ئەم شارە یان ئەم دەڤەرەدایە لای هەموو کەس روون و ئاشکرایە لە پاش رووخانی رژێم شتێك کە گەلانی عێراقی زۆر هەراسان کردبێت تیرۆرە بە تایبەت لە شارەکانی ناوەڕاست و هەندێ جاریش لە کوردستان ، بەڵام جیاوازی ئەو کارە تیرۆریستیانەی شارەکانی تری عێراق و کوردستان ئەوەیە زۆربەی هەرە زۆری کارە تیرۆریستی‌یەکانی ئەوێ عەشوایی و بی‌بەرنامەییان پێوە دیارە بۆیە لە زۆربەی کارەکاندا خەڵکانێکی زۆری بێتاوان و مەدەنی دەبنە قوربانی ئەو کارە چەپەڵە بەڵام ئەوانەی کوردستان یان روونتر بڵێم شاری هەولێر زۆر بە بەرنامە و دیقەت ئەنجام دەدرێت وە هەموو جارێکیش تیرۆریستان ئامانجی خۆیان پێکاوە و دەزگا ئاسایشی‌یەکانی ئەم شارەش دەستەپاچانە وەستاون و لە خۆبەدەستەوە دان زیاتر هیچ چارەیەکیان پێ نەبووە ، ئەم کارە تیرۆریستانە لە هەر وڵاتێکی دونیادا بوایە بە وڵاتانی جیهانی سێشەوە بەرپرسانی ئیداری و ئەمنی دەستیان لەکار دەکێشایەوە ، ئێستا دەبوو زۆربەی بەرپرسانی ئیداری و ئەمنی ئەم شار و دەڤەرە دەستیان لە کارەکانیان بکێشابایەوە کە ناتوانن رێگر و بەربەست دروست کەن لەبەردەم تیرۆریستاندا ، ئاخر خۆ تیرۆیستەکان لە ناو بازاردا یان لە نەخۆشخانە یان لەبەردەم بانکەکاندا یان قوتابخانە و گازینۆ و سەیرانگاکاندا کارە چەپەڵەکانیان ئەنجام نادەن بەڵکو دێن لە شوێنی مەبەستی خۆیان ئەنجامی دەدەن ، لە پاش روودانی هەموو کارە تیرۆیستی‌یەکانیش دەزگا ئەمنی‌یەکانیش لە روونکردنەوەکانیاندا بانگەشەی ئەوە دەکەن کە توانیویانە چەندەها تۆڕی تیرۆریستی دەستگیر بکەن و لە پاش تەواو بوونی لێپرسینەوە ورروونکردنەوەی زیاتر دەدەن بە هاوڵاتیان ، کەچی دەزگا راگەیاندنە ئەهلی‌یەکان زانیاری زیاتریان لەلایە ، خەڵکی لە زمانی ئەوانەوە وردەکاری‌یەکانی کارە تیرۆریستی‌یەکان و گیران و لێپێچینەوەکان دەبیستێ ، بەرپرسانی ئەمنی وەك لەبەرانبەر کارە تیرۆریستی‌یەکانادا دەستەوەستانن راگەیاندنەکانیشیان هەر بێدەنگن ، هیوادارین دوا کاری تیرۆریستی بێت و وەڵامی ئەم پرسیارەش بدرێتەوە ، بۆ تەنها هەولێر ، کێ بەرپرسیارە ؟!.